

# چەند پەیڤێک لەسەر ئەدەبی پۆلیسی "کریمینال"

ئەردەڵان عەبدوڵا

بە دڵنیاییەوە هەموومان کاتێک باسی تاوان و تاوانکاران دەکرێت، دژیان دەوەستینەوە، یان قێزمان لە کارەکانیان دەبێتەوە. زۆر جاریش دێوەزمەی ترس، کاریگەریی زۆری بۆ ئەم هەڵوێستەمان هەیە. ترس لە تاوانکاران و کارەکانیان، وامان لێ دەکات کە هیچ کاتێک خۆمان لە قەرەی جیهانی تاوان نەدەین. وەلێ ئەدەب دەربارەی جیهانی تاوان، بۆچوونێکی تری هەیە، ئەدەب وەکو رۆژێکی پرشنگدارە، تیشکەکانی دەچێتە ناو تاریکترین شوێنی ژیانەوە. ئەوە تیشکی ئەدەبە، ترسەکانمان لە جیهانی تاوان دەرەوێنێتەوە و ترسمان

دەشکێنێت. ئەدەب بە زمانێکی تر مامەڵە لەگەڵ تاواندا دەکات. هەر ئەویشە پێمان دەڵێت، کە تاوانکارانیش هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کەسانی ئاساییدا نییە. ئەوانیش وەکو ئێمە هەست و سۆز و خۆشەویستییان هەیە. ئەمڕۆ ئەدەبی پۆلیسی "کریمینالّ" یەکێکە لە بەشە گرینگەکانی ئەدەبی جیهانی. کاتێک گەیشتمە ئەڵمانیا و کەمێک بەسەر زمانی ئەڵمانیدا زاڵ بووم، پێم سەیربوو، خەڵکانێکی زۆر خەریکی خوێندنەوەی رۆمانی پۆلیسی بوون. رۆمانی پۆلیسی لە هەموو جۆرەکانی تری رۆمان، رەواجی زیاترە. دیارە ئەمەش چەندین هۆکاری خۆی هەیە، کە بە کورتی هەوڵ دەدەم، لەم چەند دێرەدا باسی لێوە بکەم. بە داخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش، ئێمەی کورد لەم بەشە گرینگ و خۆشەی ئەدەب بێ بەشین. هەتاوەکو ئەمڕۆش تاکە رۆمانێک یان چیرۆکێکی پۆلیسیمان نییە. کە ئەویش هۆکاری خۆی هەیە، لە دواییدا باسی لێوە دەکەم.

**ئەدەبی پۆلیسی "کریمینالّ" یەکێکە لە بەشە گرینگەکانی ئەدەبی جیهانی.**

**سەرەتای ئاشنابوونم بە رۆمانی پۆلیسی**

کاتێک گەیشتمە ئەڵمانیا، زنجیرەیەکی تەلەڤزیۆنی هەبوو، بە ناوی "کۆمیسار کۆلۆمبووس". کە لەلایەن ئەکتەرێکی ئەمەریکی بە رەچەڵەک ئیتاڵی نمایش دەکرا. ئەو کۆمیسارە بەشێوازێکی ئێجگار تایبەت و سەرنجڕاکێش بە دوای تاوانباراندا دەگەڕا. ئەمەش وای لێ کردم کە خولیای رۆمانی پۆلیسی بم. یەکەمین رۆمانیش کە ئاشنای دەریای ئەدەبی پۆلیسی کردم، رۆمانێکی نووسەری مەزنی ئینگلیزی ئاگاتا کریستی بوو، بەناوی "Der Tod auf dem Nil" مردن لەسەر نیل(١).

**رۆمانی پۆلیسی لە هەموو جۆرەکانی تری رۆمان، رەواجی زیاترە**

بەڕاستی ئەم رۆمانە چێژێکی ئێجگار زۆری ئەدەبی هەبوو لام. ئاگاتا کریستی خاوەنی چەندین رۆمانی پۆلیسییە. بەشێکی زۆریشیان کراون بە فیلم. ئەم رۆمانەی



ئاگاتا کریستی

ئاگاتا کرسیتی، باسی تاوانی کوشتنی ژنێک دەکات، لەسەر یەکێک لە کەشتییەکان لەسەر رووباری نیل. وەلێ ئەو بەشێوازێکی ئێجگار تایبەت، بە ناخی تاوانباران و کۆمەڵگەی ئینگلیزیدا رۆ دەچێ. دەتوانم بڵێم ئەم رۆمانە بوو بە بەلەمێک بەرەو دەریای ئەدەبی پۆلیسی بردم. پاش ئەم رۆمانە نووسەری مەزنی سوێدی هۆکان نەسر Hakan Nesser, نووسەری ئیتاڵی Gian-rico Carofiglio یم ناسی. دیارە ئەمان خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیانن، کە زۆر جیاوازە لە شێوازی نووسینی ئاگاتا کرسیتی. لە دواییدا باسی لێوە دەکەم.

### رۆمانی پۆلیسی چییە؟

رۆمانی پۆلیسی ئەو بەشەی ئەدەبە، کە زیاتر گرینگی بە مەسەلەی تاوان و تاوانکاران دەدات.

لەم جۆرە رۆمانەدا باسی روودانی تاوانێک دەکرێت، لە رێگەی «ئەفسەری پشکنەر، دیدەکتیڤ، کۆمیسارێکەوە»، هەوڵی دۆزینەوە و گرتنی تاوانبارەکە دەدات. رۆماننووسی ئەڵمانی Veit Heinichen دەڵێت «رۆمانی پۆلیسی بریتییە لە چیرۆکێکی فەنتازی، کە بەشێوەی تایبەتیی خۆی، هەوڵ دەدات کۆمەڵگەمان پێ بناسێنێت. لە هەمان کاتیشدا، باسی چەند گۆشەیەکی تاریکی ناو کۆمەڵگە دەکات، کە ئێمە نایناسین[٢]»

### سەرەتای رۆمانی پۆلیسی

لەسەر سەرهەڵدان و دروستبوونی رۆمانی پۆلیسی، کۆمەڵێک راوبۆچوونی جیاواز هەیە. هەندێک پێیان وایە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ درامانووسی گەورەی یۆنانی.Sophokles کە لە ساڵی ٤٢٥ زاینیدا، چیرۆکی "مەلیک ئۆدیپۆس"ی نووسی. هەندێکی تر پێیان وایە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ شاعیری گەورەی ئەڵمان شیلەر. لە ساڵی ١٧٨٦ چیرۆکێکی بەناوی "تاوانبارێک لە خێزانێکی دۆڕاو ١٧٨٦، "Der Verbrecher aus verlorener Ehre". هەندێکیش رۆمانە مەزنەکەی "تاوان و سزا" ی نووسەری گەورەی رووسی دیستیۆفسکی،

به سـەرەتای رۆمـانی پۆلیـسی دادەنێن. بەڵام بۆ یەکـەمین جـار کـە رۆمـانێکی پۆلیـسی نووسـرابێت، لەلایەن نووسـەری ئـەمـەریکایی Edgar Allan Poeوەیە. لە سـاڵی ١٨٤١ رۆمانێکی بەنـاوی "دوو کوشتن لە شـەقامی مـۆرگێس"ی نووسی. ئـەم رۆمانە بە سـەرەتای رۆمـانی پۆلیـسی دادەنرێت. چونکە بۆیەکـەمین جـار لـەم رۆمـانەدا رۆڵـی Detektiv "ئەفـسـەری پشکێنەر، کـۆمـیـسـار" دیار دەکـەوێت. کـە ئەمـەش یەکـێکە لە مـەرجـە سەرەکییەکانی رۆمانی پۆلیسی.[٣]

## مەرجەکانی رۆمانی پۆلیسی

دیارە رۆمـانی پۆلیـسی، کـۆمـەڵێک یاسـای تایبـەت بە خـۆی هـەیە. کە تـا رادەیەکی زۆر جیـاوازە لە رۆمـانەکانی تر. نووسـەر و رەخنەگری ئەڵمـانی ULRICH SCHULZ پێی وایە دەبێت لە رۆمـانی پۆلیسـیدا ئـاگەداری سێ خـاڵ بین. یەکـەم .Detektiv دووەم تاوانبـار. سێهەم قووربانی.[٤] ئەم سێ خاڵە مەرجی سەرەکیی هەموو رۆمانێکی پۆلیسین.

Detektiv

کۆمیسار یان Detektiv پاڵەوانی سەرەکیی هەموو رۆمانێکی پۆلیسـییە. کۆمیسار رۆڵی رۆژ دەبینێت، هـەمـوو رووداو و پاڵەوانەکـانی تر، بـە دەوریدا دەسووڕێنەوە. بە واتایەکی تر، هیچ رۆمـانێک نـاتوانین ناوی پۆلیـسی لـێ بنێین، ئەگـەر Detektiv یان کـۆمـیـسـاری تێـدا نەبێت.

## زمان

زمـان لەم جۆرە رۆمـانەدا شـێوەیەکی ئاسـان و سـاکاری هەیە، چونکە رۆمـانی پۆلیسی زیاتر بۆ خـەڵکی ئاسـایی دەنووسـرێت و زیاتر ئەوان تالیبی ئەو جـۆرە رۆمـانانەن. هەربۆیە زمانی رۆمـانی پۆلیسی، خـۆی لە دەسـتـەواژەی فەلسـەفی و قورس لادەدات. هـەوڵ دەدات بە زمانێکی ئاسایی باسی رووداوەکان بکات.

## شوێن

شـوێن لە رۆمـانی پۆلیسـیدا، جێگەیەکی گرینگ و تایبـەتیی هـەیە. شـوێنی رووداوەکە یان تاوانەکـە، دەبێت بەشـێـوەیەکی ئێـجگار جـوان وەسف بکرێت. هـەمـوو کـاتێکیش نووسـەر هـەوڵ دەدات، لە دەوری ئەو شـوێنەی کە تاوانەکە تێدا روویداوە، بکاتە شـوێنی سـەرەکی لە رۆمانەکەیدا.

## گرێ

هیچ رۆمانێکی پۆلیسی بەبێ "گرێ" نابێت. هەموو کاتێک نووسەر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی "گرێ" وە، خوێنەر بۆ ناو رۆمانەکە پەلکێش بکات. "گرێ"ش لە رۆمانی پۆلیسیدا، واتە دۆزینەوەی تاوانبارەکەیە. زۆر جار لە کۆتاییی رۆمانەکەدا، بە دۆزینەوەی تاوانبارەکە لەلایەن Detektiv وە، گرێی رۆمانەکە دەکرێتەوە.

## جۆرەکانی رۆمانی پۆلیسی

دیارە رۆمانی پۆلیسی چەندین جۆری هەیە، ئەمەش تا رادەیەکی زۆر تایبەتمەندییەکی زۆری داوە بەم جۆرەی رۆمان.

## رۆمانی پۆلیسیی کۆمیدی

لەم جۆرە رۆمانەدا، نووسەر هەوڵ دەدات، لە ڕێگەی کۆمیدییەوە بچێتە ناو رۆمانەکەوە. زۆر جار لە ڕێگەی Detektiv وە هەوڵ دەدات شێوازێکی کۆمیدی بداتە پاڵەوانەکانی. دیارە چەندین نووسەر پشتیان بەم جۆرە بەستووە، لەسەرووی هەمووشیانەوە ژنە نووسەری مەزنی ئینگلیزی Agatha Christie ئاگاتا کریستی. کە بەشێکی زۆری رۆمانەکانی، لە ڕێگەی کۆمیدییەوە باسی تاوانەکان دەکات. هەروەها چەندین نووسەری تریش هەن، کە پشت بە هونەری کۆمیدی دەبەستن لەوانە Anne, Donna Leon,Charlotte MacLeod, Christopher Stah Chaplet,

## رۆمانی پۆلیسیی مێژوویی

لەم جۆرەدا، نووسەر هەوڵ دەدات باسی تاوانێک بکات، کە لە چەرخە کۆنەکاندا رووی داوە. لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدات، لە ڕێگەی رۆمانەکەوە، باسی شارستانی ئەو شوێنە بۆ خوێنەر بکات. لەوانە رۆمانی Agatha Christie , Rächende Geister کە باسی مێژووی شارستانیی میسری کۆن دەکات.

## Thriller

ئەمیش جۆرێکی ترە لە رۆمانی پۆلیسی. هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوانی تر نییە، تەنیا ئەوە نەبێت، کە لەم جۆرەدا رەگەزی "باش و خراپ"، بە ئاشکرایی دەردەکەوێت. نووسەر هەوڵ دەدات مەسەلەی "چاکە و خراپە" بەتەواوی دەربخات. Detektiv دەبێتە پاڵەوانی "چاکە" و دژی تاوانبار "خراپە" دەجەنگێت. لەکۆتاییشدا دەبێت "چاکە"




سەربکەوێت بەسەر خراپەدا(٥). دیارە Thrill-er لە سینەمادا زیاتر بەکار دێت. بەشی زۆری فیلمەکانیش، لەو ڕۆمانانە وەردەگیرێن، کە لەسەر ئەم جۆرە نووسراون.

## ڕۆمانی سایکۆلۆجیی پۆلیسی

تاوانبار لێرەدا کەسێکە، نەخۆشیی دەروونی هەیە. هەر ئەم نەخۆشییەش دەبێتە هۆکاری سەرەکیی تاوانەکەی. بۆ نموونە لە ڕۆمانە مەزنەکەی "تاوان و سزای" دیستۆفسکی، راسکۆلنیکۆڤ گەنجێکی خوێندکارە، نەخۆشییە دەروونییەکەی وای لێ دەکات، کە تاوانێکی گەورەی کوشتن ئەنجام بدات(٦). بە واتایەکی تر نووسەر هەوڵ دەدات، باری دەروونیی کەسێک شی بکاتەوە و چۆن ئەم بارە دەروونییەش، دەبێتە هۆی ئەوەی کەسێک تاوانێک ئەنجام بدات، لە حاڵەتێکدا ئەم کەسە تاوانبار نییە، بگرە نەخۆشیی دەروونیی هەیە. لەم جۆرە ڕۆمانەدا، دەبێت نووسەر شارەزایەکی باشی زانستی سایکۆلۆجی بێت. ئەگەر نووسەر زاڵ نەبێت بەسەر ئەم زانستەدا، ناتوانێت ڕۆمانەکەی بە باشی بنووسێت.

## ڕۆمانی پۆلیسی ڕەخنەگرانە یان کۆمەڵایەتی

لەم جۆرەدا نووسەر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی تاوانێکەوە، ڕەخنەکانی خۆی ئاراستەی کۆمەڵگە بکات. لێرەدا نووسەر پەل دەهاوێژێت بۆ ناو هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەوە، بە چاوێکی ڕەخنەگرانە دەڕوانێتە" ئاین، سیاسەت، نەریت و فەرهەنگی" ناو کۆمەڵگە. دیارە ئەم جۆرە ڕۆمانەش لەم چەند ساڵەی دواییدا سەری هەڵدا. ئەویش زیاتر لە ڕێگەی نووسەرە سوێدییەکانەوە بوو، بەتایبەت هەردوو نووسەری مەزن Henning Mankell, Hakan Nesser بەشبەحاڵی خۆم زیاتر حەزم لەم جۆرەی ڕۆمانی پۆلیسییەیە. پێش ماوەیەک ڕۆمانێکیHakan Nesser, خوێندەوە بەناوی Münsters Fall ئەوە یەکەمین ڕۆمانی ئەو نووسەرە بوو خوێندمەوە. بەڕاستی زۆر شارەزاییانە باسی "تەنیایی، پیری، شانس"

کردووه. Hakan Nesser, ئێجگار بەتوانایە، لە وەسفکردنی تاوانباران، ئێجگار شارەزایانە ڕەخنەکانی خۆی ئاراستەی کۆمەڵگەی سوێدی دەکات. نووسەرێکی تری ئیتالیش هەیە، بەناوی Gianrico Carofiglio ، دیارە جگە لەوەی نووسەرێکی گەورەیە، حاکمێکی ناسراوە لە دژایەتی مافیا لە ئیتاڵیا. هەروەها سیناتۆریشە لە پەرلەمانی ئیتاڵیا. ئەم نووسەرەش لە ڕێگەی ڕۆمانی پۆلیسییەوە، توانیوویەتی ڕەخنەکانی خۆی ئاراستەی کۆمەڵگەی ئیتاڵیا بکات. یەکەم جار ڕۆمانی Reise in die Nacht م خوێندەوە[٨]. کە باسی کوشتنی منداڵێک دەکات لە شاری باری. لەسەر ئەم تاوانەش پەناهەندەیەکی سینیگالی دەگیرێت. هەموو خەڵکی ئەو تاوانبار دەکەن. بەڵام دوایی دەردەکەوێت کە ئەو بێ تاوانە. هەر لێرەدا نووسەر زۆر بە جوانی وەسفی هەستی فاشیستانە و ڕاسیزستانەی ئیتاڵییەکان دەکات، بەرامبەر بە خەڵکی بێگانە. لە ڕۆمانە نوێکەشیدا بەناوی In Freiem Fall [٩]، باسی کێشەی ژنێک دەکات، کە بە منداڵی باوکی پەلاماری سێکسیی داوە. هەر ئەم کارەش تەواوی ژیانی ئەو کچە تێک دەدات. لەم جۆرە ڕۆمانەدا، دەبێت نووسەر شارەزاییی باشی هەبێت، لە زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. دەبێت زۆر شارەزاییانە ڕەخنەکانی ئاڕاستەی کۆمەڵگە بکات.

### بۆچی ڕۆمانی پۆلیسی پێش کەوت؟

لە پاش ساڵەکانی شەستی سەدەی ڕابوردوو، ڕۆمانی پۆلیسی بەشێوەیەکی ئێجگار زۆر، لە ئەورووپا و ئەمەریکای باکور گەشەی سەند. بە تەواوی بوو بە ئەدەبی میللی "شەعبی"، چونکە هەموو کەسێک رووی لەم جۆرە ڕۆمانانە کرد. ڕەخنەگری ئەڵمانی ULRICH SCHULZ دەڵێت:

«هۆکاری سەرەکی ئەوە بوو کە ڕۆمانی پۆلیسی درێژکەرەوەی ڕۆمان یان ئەدەبی (Abenteuer، مغامرات) بوو. لەم ڕۆمانانەشدا خوێنەر حەز بە سەرکێشی و شێتییەکانی پاڵەوانی ڕۆمانەکان دەکات[١٠]».

لەلایەکی تریشەوە لەو ساڵانەدا ساردیی نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، خەڵکی تووشی بێزارییەک کردبوو، هەربۆیە خەڵکی زیاتر بە دوای جۆرە ڕۆمانێک دەگەڕان، کە دووریان بخاتەوە لەو ژیانە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جەنجاڵەی ئەو کات. لە هەمان کاتیشدا ڕۆمانی پۆلیسی جۆرە تایبەتمەندییەکی تێدایە، کە هەستی "فضولیەت" لای خوێنەر دەورووژێنێت. خوێنەر زیاتر حەز دەکات بە دوای ڕووداوەکانەوە بێت.

## رۆڵی سینەما و تیڤی لە پێشکەوتنی ڕۆمانی پۆلیسی

یەکێک لە هۆکارەکانی تری پێشکەوتنی ڕۆمانی پۆلیسی، سینەما و تیڤییە. لە پاش ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو، ڕۆمانی پۆلیسی ڕەواجێکی ئێجگار گەورەی لە سینەما و تیڤی پەیدا کرد. بەتایبەتی هۆلیود، گرینگییەکی زۆری بەم جۆرە ڕۆمانانە دەدا. ئەمڕۆ فیلمی پۆلیسی یان زنجیرە درامای تەلەڤزیۆنی پۆلیسی، هەموو کەناڵەکانی تیڤی گرتووەتەوە. وای لێ هاتووە هەموو شەوێک فیلمێک یان زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی پۆلیسی پێشکێش دەکرێت. دیارە ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە ئەم جۆرە فیلمانە سەرنجی بینەر زیاتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. هەربۆیە ئەوانیش زیاتر خەریکی ئەم جۆرە کارانانەن. دەتوانم بڵێم، ئەمڕۆ فیلمی پۆلیسی جێگەی فیلمی کاوبۆی یان (Western عەصابە)ی کۆنی گرتووەتەوە.

دیارە ئەمەش هێندەی تر، ڕۆمانی پۆلیسیی پێش خست، چونکە بەشی زۆری ئەو فیلمانە، لە ڕۆمانە پۆلیسییەکانەوە وەردەگیرێت. بە واتایەکی تر، ئەمڕۆ سینەما و تیڤی، گەورەترین هۆکارن بۆ گەشەسەندنی ئەم جۆرەی ڕۆمان.

## ئێمە و ڕۆمانی پۆلیسی

بە داخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئێمەی کورد، هیچ ڕۆمانێک یان چیرۆکێک تەنانەت لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیشمان لەسەر ڕۆمانی پۆلیسی نییە. کە بە بڕوای من ئەمەش خەوشێکی گەورەیە. کاتێک سەیر دەکەیت، ئەمڕۆ لە تەواوی جیهاندا گرینگی و بایەخێکی ئێجگار زۆر دەدرێت بەم ژانرەی ئەدەب. ساڵانە چەندین خەڵاتی جۆراجۆر بۆ ڕۆمانی پۆلیسی هەیە. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا خەڵاتێکی تایبەتیان هەیە بەناوی Deutsche Krimi Preis، کە تایبەتە بە نووسەرانی ڕۆمانی پۆلیسی. هەروەها لە فەرەنساش ڕۆمانی پۆلیسی بایەخی زۆری هەیە، هەربۆیە خەڵاتێکی ساڵانە بەناوی Grand prix de littérature policière بۆ ڕۆماننووسانی پۆلیسی داناوە.(١١)

## بۆچی ئێمە ڕۆمانی پۆلیسیمان نییە؟

دیارە ئەم پرسیارەش زۆر گرینگە ئێمە لە خۆمانی بکەین، بۆچی تاوەکو ئێستا ئێمە هیچ ڕۆمانێک یان چیرۆکێکی پۆلیسیمان نییە؟ یان بۆچی نووسەران هیچ بایەخ و گرینگییەک بەم ژانرەی ئەدەب نادەن؟. بە بڕوای من کۆمەڵێک هۆکار هەن بۆ ئەم پرسەش، کە دەتوانم لە چەند خاڵێک یان هۆکارێک کۆیان بکەمەوە.

١– ئێمە بە گشتی زۆر درەنگ بە کاروانی ئەدەبی جیهان گەیشتین، بەتایبەت زۆر درەنگ "رۆمان"مان ناسی. هەمووی سی ساڵێکە رۆماننووسمان هەیە. ئەگەر هێندە درەنگ ئێمە بە ژانری "رۆمان" ئاشنا بووبێتین، دەبێت زۆر ئاسایی بێت لامان، کە هێشتا شارەزاییمان لە هەموو جۆرەکانی "رۆمان" نەبێت.

٢– زاڵبوون و داگیرکردنی هونەری "شیعر" بەسەر ئەدەبی کوردیدا.

کە ئەمەش گورزێکی باشی لە ژانرەکانی تری ئەدەب داوە. بەگشتی نووسەرانی کورد خۆیان بە هونەری "شیعر" خەریک کردووە. کە ئەمەش تەرازووی ئەدەبیمانی لاواز کردووە.



٣– نەبوونی دادگای سەربەخۆ و ناشارەزایی لە زانستی گەڕان بە دوای تاوانباراندا.

دیارە بەحوکمی ئەوەی هێشتا لە وڵاتی ئێمە حوکمی یاسا بەرقەرار نەبووە، لەبەرئەوە گەڕان بە دوای تاوانباران و دۆزینەوەی تاوانباران، بوونی نییە. بەشێکی زۆری رۆمانە پۆلیسییەکان، سوود لە دادگاکان وەردەگرن. لەلای ئێمە هەتاوەکو ئێستاش، پۆلیس بە شێوازێکی ئێجگار تەقلیدی بە دوای تاوانباران دەگەڕێت. زۆربەی تاوانەکان، هەر نازانرێت کێیە. دیارە ئەمڕۆ پشکنین و گرتنی تاوانباران، زانستی خۆی هەیە. پێویستە ئەفسەرانی پشکنین، شارەزایی باشیان لە زانستی لێکۆڵینەوە و بە دواگەڕان بە دوای تاوانباران هەبێت.

٤– بارودۆخی سیاسی گەلی کورد.

دیارە بە حوکمی ئەوەی کە ئێمە هێشتا لە قۆناغی خەباتی رزگاریداین، زیاتر نووسەران هەوڵیان داوە، لە رێگەی ئەدەبەوە، ئازار و مەینتییەکانی گەلەکەمان بخەنە روو. ژیانە ئاڵۆز و زەحمەتەکەی کورد، وای خواستووە کە نووسەران زیاتر خەریکی

ڕۆمانی "سیاسی و کۆمەڵایەتی" بن.

٥- سەیرکردنی ڕۆمانی پۆلیسی بە چاوێکی نزم و بێ بایەخ.

بە داخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش بەشێکی زۆری نووسەرانمان، جۆرە هەستێکی هەڵەیان هەیە، کە بە چاوێکی نێگەتیڤەوە سەیری ئەم ژانرەی ئەدەب دەکەن. دیارە ئەمەش بە بڕوای من هۆکەی دەگەڕێتەوە، بۆ نەشارەزایی بوونیان لەم جۆرە ڕۆمانە. بە گشتی کاتێک باسی ڕۆمانی پۆلیسی دەکرێت، وا دەزانن کە ڕۆمانی پۆلیسی، بەشێکە زیاتر خەڵکی عەوام دەیخوێنێتەوە. یان بە واتایەکی تر، بە ئەدەبێکی بێ بایەخ و نزم سەیر دەکرێت. لە حاڵەتێکدا ئەمڕۆ ڕۆمانی پۆلیسی، هەموو جیهانی گرتووەتەوە.

## دوا وشە

دیارە بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆمانی پۆلیسی زۆری دەوێت. ئەگەر بتەوێت بە شێوەیەکی باش شارەزایی لەسەر ڕۆمانی پۆلیسی وەربگریت، دەبێت چەندین کتێب و وتار بنووسین. هیوادارم من توانیبێتم، لە ڕێگەی ئەم وتارەوە، کەمێک زانیاری بە خوێنەری کورد بگەیەنم. لە هەمان کاتیشدا تیشکێکی بچووک بخەمە سەر ئەم ژانرە گرینگەی ئەدەب. هیوادارم نووسەران و ڕەخنەگرانی تر، ئاوڕێک لەم ژانرەی ئەدەب بدەنەوە.

سەرچاوەکان:


1- Agatha Christie Der Tod auf dem Nil. Scherz Verlag. München.1978.

2-www.krimi- couch.de Interview mit Veit Heinichen

3- www.wikipedia.org/wiki/Kriminalroman

4- ULRICH SCHULZ. Aktuelle Formen und Tendenzen des Kriminalromans. Institut für Romanistik.. Hamburg.2008

5- www.wikipedia.org/wiki/Kriminalroman.

٦- ڕۆمانی تاوان و سزا. دیستۆفسکی. وەرگێڕانی ڕەئووف بێگەرد. چاپخانەی ڕەنج. سلێمانی.٢٠٠٧.

7-Hakan Nesser Münsters Fall. btb Verlag München 2008.

8- Gianrico Carofiglio Reise in die Nacht. Goldman Verlag. München. 2008

9- Gianrico Carofiglio In freiem Fall. Goldman Verlag. München. 2008.

10- ULRICH SCHULZ .Aktuelle Formen und Tendenzen des Kriminalromans. Institut für Romanistik. Hamburg.2008

11- www.wikipedia.org/wiki/Kriminalroman.